
**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
**www.chak.be**

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
**chak_org@yahoo.com**

# کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی پارتی سۆسیالستی گەل لەمیانەی هەولەکانی چاک بۆ ناساندنی ئەنفال بەژینۆساید لەئاستی جیهانیدا



**ڤیلی سوندال سەرۆکی**
**پارتی سۆسیالستی گەل لەدانیمارک**
http://www.sf.dk

لەرۆژی چوارشەممەلەڕێککەوتی 26 ی سەپتەمبەری 2007، بەکاتی 16.00 ی دوای نیوەڕۆی شاندێکی ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک کەپێکهاتبوون لەئەندامان شادی، جەمیل، جەمال و شاخەوان سە ردانی ئۆفیسی سەرۆکی پارتی سۆسیالستی گەل Villy Søvndal ڤیلی سوندال لەپارلەمانی دانیمارک دا کرد. شایانی باسەخاتوو ئۆزلم چەکیس کەبەبنەچەکوردێکی باکوری کوردستانەو ئێستا ئەندامی پارتی سۆسیالستی گەلەو ئەندامی کاندیدکراوی ئەو پارتەیەبۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لەبە شێکی کۆپنهاگن لە ساڵی2008 دا، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرە، بەرپرسی کۆمیتەی یەکسانییەو لە زۆر بواریتردا چالاکە، هاریکاری گرنگی لەئامادەکردنی ئەو کۆبوونەوەیەدا کرد.



کۆبوونەوەی شاندی چاک لەگەڵ سەرۆکی پارتی سۆسیالستی گەل لە پارلەمانی دانیماركدا، 26.09.2007

پارتی سۆسیالستی گەل کەلەدانیمارک بەSF ناسراوەلەساڵی 1959 وە دامەزراوە،لەپارلەماندا بوونی بەگونجاوی هەیەو خاوەنی 11 ئەندام پارلەمانە، وەکو لەناوەکەیان دەخوێندرێتەوەچەپن و پشتگیری گەلانی زۆرلێکراو بەگشتی دەکەن، هەروەها لەدانیمارکدا بەرگری لەمافی کەمینەو کەسە بێگانەهاتووەکان و مافەکانیان دەکەن. سەبارەت بەکێشەی گەلی کورد هەمیشەپشتگیری دیاریان هە بووە، لەزۆر بۆنەدا بەکردەوەبەشداریان هەبووەو پشتگیری داواکاریەکانی گەلی کوردیان کردووە.

لەکۆبوونەوەکەدا ئەندامانی چاک پێناسەی ڕێکخراوی چاک، بەرنامەو ئەرکەکانی ڕێکخراویان بە تیروتەسەلی کرد، هەروەها ئاماژەبەهەوڵی ناسناندنی ژینۆسایدی ئەنفال لەولاتانی دیکەو سکاندە ناڤیا کران و جەخت لەسەر گرنگی ناساندنی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید لەئاستی پارلە ماندا لەوڵاتی دانیمارکدا کرایەوە.
ڤیلی سوندال بەگەرمی پێشوازی داواکاریەکەی کرد و ئامادەیی خۆی بۆ سەرخستنی کارەکەلەئاستی پارلەمانی دانیمارکیدا کرد. لەم بارەیەوەچەند پێشنیارێکی خستەڕوو، لەوانەئەو ئامادەیی خۆی دە ربڕی لەیارمەتیدان بۆ گەیاندنی ئەو داواکارییەبۆ ئەندامانی گونجاو سەر بەپارتەکانی دیکەی پارلە مانن. ئەو گەشبینی لەهەوڵەکەدا پیشاندا و پێیوابوو دەبێ وابکریت هەموو پارتەکان لەبابەتەکە ئاگادار بکرێنەوە. هەروەها ئۆزلم چەکیس ئامادەیی یارمەتی پیشان دا و بەڵێنی هاریکاری زیاتری کرد.
لەکۆتاییدا گۆتن لەسەر دامەزراندنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی چاک و پارتی سۆسیالستی گەل کرا و بڕیاردرا کەوا پەیوەندی بەردەوام هەبێت و هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن.

**ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک**

27.09.2007

www.chak.be